سەرچاوە ئاوییەکان لە ژێر مەترسی ئاوەڕۆکاندا

زێرابی ماڵەکانی دوکان بۆ سەر ئاوی قەشقۆڵی فۆتۆ: رێکخراوی سروشتی عێراق

ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهان پاشماوەی شارەکان گەورەترین کێشەن کە دوچاری پسپۆڕانی بواری ژینگە دەبێتەوە، پاشماوەی ماڵ و چێشتخانە و ئوتێل و ناوچە پیشەسازییەکان کە لەڕێی بۆریە زەمینیەکانەوە دەبڕێنە دەرەوەی شارو لەوێوە دەکرێنە ناو سەرچاوە ئاویەکانەوە بە مەترسییەکی سەرەکی دادەنرێن بۆ سەر سەرچاوە ئاوییەکان.

ئامارە جیهانیەکان ئەوە دەردەخەن کە رێژەی بەکارهێنانی ئاو گەشتۆتە بڕێکی زۆر، کە هەر تاکە و رۆژانە نزیکەی ٥٠٠ لیتر ئاو بەکاردێنێت کە دواتر زۆرینەی ئەم ئاوە دەبێتە پاشەڕۆو دەچێتە ناو ئاوەڕۆکانەوەو دواتر بۆ رووبارو سەرچاوە ئاوییەکانی تر بە بێ هیچ چارەسەرو پالاوتنێك.

شارەزایەك لە بواری ژینگەو هۆکارەکانی پیسبونی ژینگە لە عێراق باس لەوە دەکات کە ئەو پێوانانەی لە رووباری دیجلە وەرگیراون لە نزیك ئەو شوێنانەی کە ئاوەڕۆکانی لەسەرە ئەوە دەردەخەن کە رێژەی زینك سێ ئەوەندەی ئاستی رێگەپێدراوە، وە رێژەی ئاسنیش بەرزبۆتەوە بۆ ٠.٧ ملیگرام/لیتر وە رێژەی مس بۆ ٠.٨ ملیگرام/لیتر لە کاتێکدا رێژەی رێگەپێدراو بریتیە لە ٠.٥ ملیگرام/لیتر. هۆکاری بەرزبوونەوەی ئەم رێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشەڕۆیانەی لە رێی ئاوەڕۆکانەوە دەکرێنە ناو سەرچاوە ئاوییەکانەوە. لێکۆڵەرەوەکە ئاماژەشی بەوەدا کە لاوزی و نارێکی بۆری و ئاوەڕۆکان هەندێك جار دەبێتە هۆی تێکشکانیان بەمەش ئاوی زێراب و ئاوی خواردنەوە تێکەڵ دەبێت کە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە کە دانیشتوانی خواروی عێراق بەردەوام پێوەی دەنالێنن.

لەگەڵ ئەمەشدا لایەنە بەرپرسەکان ئاستەنگیەکی زۆر دەبینن لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەهۆی زۆریی و نارێکی تۆری ئاوەڕۆکانەوە کە بەر لە سالانێکی زۆر بونیاد نراوە، هەروەها نەگونجاندنی باری ئابووری ولات بۆ نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکان.

زۆر بوونی دانیشتوان و فراوانبوونی پانتایی نیشتەجێبوون کۆنترۆڵکردنی ئاوەڕۆکان لە ژێر دەستی بەرپرسانی ئەو بوارە دەردەکات.

لەلایەکی ترەوە ئەم فراوانبوونە لەسەر حسابی رووبەرە سەوزاییەکان دەکرێت و ناوشارەکان رووتەنراوە لە هەموو سەوزاییەك.

زۆربەی ئاوەڕۆی شارەکان بە بۆری کۆنکرێتی کراوە کە سالانێکی زۆری بەسەردا چووەو دوچاری تێکشکان بونەتەوە، لە ئێستادا دەبینرێت لە شارەکانی هەرێم ئاوەڕۆکان تازە دەکرێنەوە، بەڵام هێشتا کێشەی رژانی ئەم ئاوەڕۆیانە بۆ ناو سەرچاوە ئاوییەکان چارەسەر نەکراوە.

نەبیل موسا پارێزەری ئاو لە رێکخراوی سروشتی عێراق بە هاوڵاتی وت "لە هەموو دونیا ئاو و ئاوەڕۆ دەکرێتە ناو رووبارەکانەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارە بکرێت ئاوی زێرابەکان چارەسەر دەکرێن لەڕێی فلتەری تایبەتەوە چونکە ئاوی زێراب زیانێکی زۆری هەیە چ لەڕووی پیسکردنی ئاوەکانەوەو چ لەڕووی زیان گەیاندن بە زیندەوەرانی ناو ئاوەکان لە رووەك و ماسی، وە کارساتەکان زۆر گەورەن نەك تەنها لە سلێمانی بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکان مەترسی بۆ سەر سەرچاوە ئاوییەکان هەیە"

نەبیل وتی "لەوڵاتان ئاوی باراناو جیا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ریسایکڵ بکرێت و دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، بەڵام لە کوردستان و عێراق ئاوی باراناو تێکەڵ بە ئاوی زێرابەکان دەبێت و بەفیڕۆ دەچێت".

ناوبراو ئاماژەشی بەوەدا کە تەنها لە سلێمانی نزیکەی ١٠ بۆکسی ئاوەڕۆ هەیە کە هەموویان دەچنەوە سەر سەرچاوە ئاوییەکان کە دەگەنە تانجەڕۆو لەوێوە بۆ سەر زێی سیروان, بەو هۆیەشەوە سالانە تێبینی دەکرێت بڕێکی زۆر لە ماسی دەمرن لە کۆتایی مانگی تەمووزدا کە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش پیسبوونی ئاوەیەکە کە دەبێتە هۆی کەمبوونی بڕی ئۆکسجین لە ئاوەکەدا"

جگە لە ئاو و پاشەڕۆی ماڵەکان، یەکێك لە مەترسیدارترین ئەو پاشەڕۆیانەی کە لە رێی ئاوەڕۆکانەوە دەکرێنە ناو سەرچاوە ئاوییەکانەوە بریتیە لە پاشماوەی نەخۆشخانەکان، چونکە نەخۆشخانەکان بە بێ هیچ گوێدانە پێوەرە ژینگەییەکان بۆ لەناوبردنی پاشماوەکانیان زۆر بە ئاسانی وەك هەموو زبڵەکانی تر دەبڕێنە کەنار شارەکان و بڕێکی زۆریشیان لە رێی ئاوەڕۆکانەوە دەکرێنە ناو سەرچاوە ئاوییەکانەوە.

بەپێی وتەی شارەزایەکی ئەم بوارە "پاشماوەی نەخۆشخانەکان هەرچەندە کەمیش بێت کاریگەری زۆر خراپی هەیە بۆ بلاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی، پاشەڕۆی نەخۆشخانەکان بەکتریاو ڤایرۆسی جۆراو جۆری نەخۆشیەکانی هەناو و کرمی تێدایە. ئاوەڕۆی ئەم بەشانە پیس دەبێت بەهۆی پاشەڕۆی نەخۆشەکان و دەرمانە کیمایییەکان و ئەو کەرەستانەی بۆ پاکژکردنەوەی نەخۆش و کەرەستەو جێگاکانیان بەکاردەهێنرێت، پاشماوەی تاقیگەکان دەکرێتە ناو ئاوەڕۆکانەوە بەبێ هیچ چارەسەرو پالاوتنێك بۆیان."

هەربۆیە دەبێت بە زووترین کات هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بدرێت بۆ ئەم کێشەیەو هانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بدرێت بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوەی ئاوەڕۆکان. لەم بارەیەوە نەبیل موسا دەڵێت "نەك تەنها حکومەت و رێکخراوە تایبەتەکان، بەڵکو دەبێ خەڵك و دانیشتوانیش هۆشیاربکرێنەوە بۆ کارکردن لەسەر نەهێشتنی ئەم دیاردەیە. ئەمەش کاتێکی زۆر دەوێت، بەڵام هەوڵەکانی ئێمە بەردەوامە".

تۆربینی هەوایی، گەورەتر واتە باشتر

ئەندازیارانی تەکنیکی لە ئەوروپا گەیشتنە بونیادنانی تۆربینی قەبارە گەورە بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین وزە، کە تیرەی باڵەکانی یەکسانە بە دریژی گۆڕەپانێکی دووگۆڵی.

یەکێك لە نوێترین شێوازەکانی ژیان ئەوەیە بە بچووکی بژیت، خانوویەکی بچووك، ئۆتومبیلێکی بچووك بۆ کەمکردنەوەی دروستبونی CO2 لەهەواداو رێگەگرتن لە گەرمبوونی زەوی. بەڵام لە دروستکردنی تۆربیندا ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، تا ئامێرەکە گەورەتر بێت ئەوا سوودی زیاترە.

لەساڵانی ٨٠وە وڵاتە ئەوروپیەکان دەستیان کردووە بەبەکارهێنانی تۆربینی هەوایی وەك هەونگاوێك بۆ پاراستنی ژینگەو کەمکردنەوەی بڕی CO2 لەهەوادا، لەو کاتەوە ئەندازیاران لەهەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ گەورەکردنی قەبارەو توانای بەرهەمهێنانی وزەیی ئەم ئامێرانە، چونکە تا قەبارە گەورەتر بێت ئەوا وزەی زیاتر بەرهەمدەهێنرێ. وە بە تێپەڕبوونی کات پسپۆرانی بونیادنانی ئەم جۆرە ئامێرانە شارەزاییەکی باشتریان پەیا کرد لە دروستکردنی تۆربینی هەواییدا.

لێکۆڵەرەوەکان سەریان سوڕماوە لەو کاریگەریانەی کە بەکارهێنانی تۆربینی هەوایی هەیەتی لەڕووی چاکسازییە ژینگەییەکانەوە کە گەشتۆتە رێژەی ١٤٪ لە کەمکردنەوەی گەرمبونی جیهان.

ئەم ئامێرە بەکاردەهێنرێ بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کاربا لەڕێی بەکارهێنانی هەواوەو بەبێ دروستکردنی هیچ بڕێك لە CO2، لە ئێستادا نزیکەی ٨٣ وڵات ئەم جۆرە تەکنۆلۆجیایە بەکاردەهێنن بۆ بەدەسهێنانی وزەی کاربا. لە ساڵی هەشتاکاندا تۆربینی بچووك توانای بەرهەمهێنانی ٥٠ کیلۆوات کاربای هەبوو، بەڵام ئەو تۆربینە گەورانەی لە ئێستادا بەکاردەهێنرێن بڕی ٣٠٠٠ کلۆوات کاربا بەدەس دێنن، هەربۆیە بەکارهێنانی تۆربینی قەبارە گەورە بایەخی زیاترە بۆ پاراستنی ژینگە چونکە قەبارەی گەورەو ژمارەیەکی کەم وزەیەکی زیاتر دەدەن بە دەستەوە لەچاو تۆربینە قەبارە بچووکەکان.

تەنها کێشە لەبەردەم ئەم ئامێرەدا قەبارەو قورساییەکەیەتی، کە لە ئێستادا ئەندازیارانی تەکنۆلۆجیا بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی دیزانێکی نوێن بۆ تۆربینی هەوایی لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

٧ رێگە بۆ پاراستنی ژینگەکەت

١. سەتڵی تایبەتی خۆڵ بەکاربهێنەو لێی گەرێ با کارمەندانی تایبەت کۆی بکەنەوەو لە شوێنی تایبەتدا فرێی بدەن، بە هیچ شێوەیەك خۆڵ و خاشاك فرێ مەدەرە شوێنی ترەوە.

٢. تا دەتوانیت هەوڵی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو کەرەستانە بدە کە کەڵکی بەکارهێنانیان ماوەو یاخود بیبەخشەرە کەسانێك کە پێویستیان پێیەتی لەبری فرێدانی.

٣. پارێزگاری ئاو بکەو ماوەی جارێك بەلۆعەی ئاوی ماڵەکەت نوێ بکەرەوەو رێ لە دڵۆپەکردنی ئاو بگرە.

٤. وزە بپارێزە لە رێی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە کارەباییانەی کە هاوڕێی ژینگەن، گلۆپی زیاد دامەگیرسێنەو لەکاتی چوونە دەرەوە لە هەر ژوورێك گلۆپەکان پاش خۆت بکوژێنەوە.

٥. هەوڵی بەکارهێنانی پاسکیل بدە لەبری ئۆتومبێل، چونکە ئامێرەکانی گواستنەوە یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە.

٦. بیر لە بەکارهێنانەوەی ئاوی باران بکە بۆ هەندێ کاری باخداری یاخود دەرەوەی ماڵ

٧. هەوڵی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی زەوی بدەو بەفیڕۆی مەدە.